## مەحوی

### کێشەی نێوان هەڵوێست‌و ناسنامە*

**مامۆستا جەعفەر****

**کورتە ناساندن:**

ئەمساڵ (١٠٥) ساڵ بەسەر کۆچی دوایی "مەحوی"دا تێپەڕی. پاش تێپەڕینی پتر لە سەدەیەك بەسەر ماڵئاوایی شاعیرێکی گەورەدا، پێویستە چەند پرسیارێکی سادە لە خۆمان بکەین:

- مەحوی کێیە؟
- ڕۆڵی لە ئەدەبی کوردیدا چییەو بەشداری ئەو لە دەوڵەمەندکردنی ڕووناکبیریی کوردیدا چەندەو چۆنە؟
- گرنگی بەرهەمەکانی ئەو بۆ ژیانی ڕووناکبیریی ئەمڕۆمان چییە؟

"مەحوی" یەکێکە لە شاعیرە مەزنەکانی قۆناخی کلاسیك‌و هێمایەکی دیاری بەردەوامبوونی فێرگەی سێکوچکەی بابانە: (نالی‌و سالم‌و کوردی)، بەڵام ئەو لە قۆناخێکی درەنگتردا دەر کەوتووە، کە قۆناخی هەرەس‌و ئاوابوونی ئەستێرەی دەسەڵاتی بابانە. ئەو، لەلایەکەوە زمان‌و فۆرم‌و هونەری ڕەوانبێژی‌و تەکنیکی داڕشتن‌و دەربڕینی ئەو فێرگەیەی -تا ڕادەیەك- وەك خۆی پاراستووە، لەلایەکی ترەوە، شەقڵی نواندنی هەڵوێستی سیاسی‌و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی‌و گیانی بەرەنگاریی سیاسیی لە فەزای شیعرەکانیدا سڕ کردووە!

مەحوی، هاوچەرخی حاجی قادری کۆیی‌و شێخ ڕەزای تاڵەبانی‌و کەیفیی جوانڕۆیی‌و مەلا حەمدوون بووە. بەڵام ئەم لەناو هاوچەرخەکانیدا، کەمترین ڕایەڵ‌و پردو پێوەندیی قووڵی لەگەڵ ئەواندا بەستووە. ئەشکەوتەکانی ناو ڕۆحی خۆی کردووەتە تاراوگەو لەوێ هەواری خستووە! ئێمە هیچ هاوئاهەنگی‌و هاوتەریبییەك لەنێوان ئەوو هێڵە ئەدەبی‌و سیاسی‌و فیکرییەکاندا بە ئاسانی بەدی ناکەین!

مەحوی دۆستایەتیی لەگەڵ مەولەوی‌دا هەبوە، هەروەك لە لاواندنەوەی بۆنەی کۆچی دوایی شاعیردا دەر دەکەوێ. ئەمە بەستە بە پێوەندیی هەردوولاوە بە ڕێبازی نەقشبەندی‌و نزیکایەتییان لە شێخ "عوسمانی سیراجەدین"ەوە. بە دووری نازانم (مەحویی گەنج) لەنزیکەوە ئاشنایەتی‌و ناسیاویی لەگەڵ (سالمی پیر)دا هەبووبێ، لەبن کاریگەرێتیی "سالم"دا پتر هۆگری (حەزرەتی نالی) بووبێ‌و هەوڵی دابێ بە هەمان ڕچەی ئەو داهێنەرە مەزنەدا بڕوا.

**ناوو تەمەن‌و سەردەم:**

"مەحوی" نازناوی شیعریی "مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا شێخ عوسمانی باڵخی"یە. مەلا عوسمانی باپیری لە گوندی (باڵخ)ەوە ماڵی گواستووەتەوە بۆ سلێمانی.[1] "مەحوی" لە شاری سلێمانی لەدایك بووە. هەر نووسەرو مێژوونووسێك سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوون‌و کۆچی دوایی، ، بەبێ بەڵگەو سەرچاوە، ساڵ‌و ڕۆژی داناوە، هیچی لەوەکەی تر ناچێ.

* ئەم بابەتە بەشێکی ترە لە کتێبی (مێژووی بیری کوردی).

** بەرپرسی (ناوەندی مێژوو)ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

[1] مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عوثمانی باڵخی، دیوانی مەحوی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریمی مدرس‌و محمدی مەلا کەریم، چاپی دووەم، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٨٤، ل پێنج (بۆ ئەم نووسینە ئەم چاپەمان کردووەتە بناغەو ژمارەی لاپەڕەکان، کە لە کۆتایی بەیتەکاندا نووسراون، ژمارەی لاپەڕەی ئەم چاپەن).

عەلی کەمال باپیر ئاغا،[2] کە مەحویی بینیوەو قسەی لەگەڵدا کردووە، تەمەنی لەکاتی ئەو یەکتربینینەدا نزیکەی ١٨ ساڵ بووە، ساڵی کۆچی دواییی بە (١٥ی ڕەمەزانی ١٣٢٧ك) [١٩٠٩/٩/٣٠] داناوە. هەرچەند ئەو یەکەمین کەس بووە ساڵی ١٩٢٢ دیوانی مەحویی چاپ کردووە، سەیرە بیری نەمابێ کەی شاعیر کۆچی دواییی کردووە؟ چونکە ساڵی ١٩٢٢ دەیتوانی دەیان کەس بدۆزێتەوە زانیاری ورد لەبارەی شاعیرەوە بدەن![3]

مێژوونووسی گەورە محەمەدئەمین زەکی لە (مشاهیر الكرد وكردستان)[4]و (تاریخی سلێمانی وە وڵاتی)دا[5] چەند دێڕێکی لەسەر "مەحوی" نووسیوە. ئەویش جەخت لەسەر زانیارییەکانی عەلی کەمال باپیر ئاغا دەکاتەوە؛ پێی وایە شاعیر لە ٥ی ڕەمەزانی ١٣٢٧كدا ماڵئاوایی لەژیان کردووەو تەمەنی ٧٥ ساڵ بووە.

ڕەفیق حیلمی لە (شیعرو ئەدەبیاتی کوردی)دا هیچی لەسەر "مەحوی" نەنووسیوە. زێوەریش لە (گەنجینەی مەردان)دا بە هیچ شێوەیەك ناویی نەهێناوە. عەلائەدین سوجادی بەشێکی (مێژوی ئەدەبی کوردی)[6]ی بۆ "مەحوی" تەرخان کردووەو پێی وابووە: مەحوی ٧٤ ساڵ ژیاوە (١٨٣٠- ١٩٠٤). محەمەدی مەلا کەریم، لەبەر ڕووناکیی شیعرێکی "بێخود"ی شاعیردا، ساڵی (١٣٢٤ك)ی، کە بەرامبەر بە (١٩٠٦ز) دەوەستێتەوە،بە مێژووی ماڵئاوایی مەحوی داناوە.

"مەحوی" قەسیدەیەکی بە بۆنەی تێکشکانی ساڵی (١٩٠٥)ی سوپای ڕووسیاوە بەرامبەر بە سوپای ژاپۆن داناوەو لە سەرکەوتنی "میقادۆ" بەسەر (چار)دا دەدوێ. ئەم ئاماژەیە هەروا بە ئاسانی دانانی (١٩٠٤) بە ساڵی کۆچی دواییو دیسان دانانی (١٨٣٦ز) بە ساڵی لەدایکبوونی شاعیر هەڵدەوەشێتەوە، چونکە ئەو خۆی جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە وەك زۆربەی شاعیرە کلاسیکیەکان، کاتێك تەمەنیان لە حەفتا تێدەپەڕێ، حەفتای تێپەڕاندووە. ئاریشەکەمان لەوەدایە کە ئێمە نازانین ئەم قەسیدەیە کەی دانراوە:

*لە حەفتا تێپەڕیمو حەفتەیەك بۆ دینو بۆ دنیا*
*بە کاری خۆمو کاری کەس نەهاتم، وەی چ بێکارەم-*
ل٢٢٩

ئەگەر ساڵی کۆچی دواییی ١٩٠٦ بێ، ڕێی بە خۆی نەدەدا بنووسێ (لە حەفتا تێپەڕیم..) یا فریای ئەوە نەدەکەوت بنووسێ (لە حەفتا تێپەڕیم..). سەبارەت بە (١٩٠٦) کە بۆ ساڵی کۆچی دواییی دانراوە، لە (١٩٠٤) ڕاسترە، چونکە ئەو لە شەڕی نێوان ژاپۆنو ڕووسیا دەدوێ، کە ساڵی ١٩٠٥ ڕووی داوەو بە سەرکەوتنی ژاپۆن تەواو بووە. بۆیە ١٩٠٦ باشتر لەگەڵ ڕووداوەکەدا ڕێك دەکەوێ.

دیاریکردنی ماوەی تەمەنی شاعیر بۆ ئەم نووسینە، بایەخی خۆی هەیە. ئێمە تا تەمەنی ئەو بە ڕێكوپێکی نەزانینو زانیاریمان سەبارەت بە ساڵی لەدایکبوونو سەردەمی ڕسکانو منداڵیو گەنجایەتیی لە بەردەستدا نەبێ، ناتوانین دەقە شیعرییەکان لە ئاوێنەی مێژوودا ببینین.

ئێمە ئەگەر زانیمان میرنشینی بابان لە دەوروبەری (١٨٥٠)دا هەرەسی هێناوە، ئەوکاتە لامان ڕوون دەبێتەوە مەحوی دەوروبەری (١٨٥٠) تەمەنی نزیکەی بیست ساڵێك بووە. تەمەنی بیست ساڵان تەمەنێکە ئەو کەسە بتوانێ بڕیاری چارەنووسساز لەسەر ژیانی خۆی بداو هەڵوێستی

---

2 علی كمال باپیر ئاغا، دیوانی محوی، سلیمانی، ١٩٢٢، ل٥.

3 علی كمال باپیر ئاغا: گلدەستەی شعرای هاوعصرم، سلیمانی، ١٩٣٩، ل٣٣.

4 محمد أمین زكي: مشاهیر الكرد وكردستان. ج٢، مؤسسة ژین- السلیمانیة، ٢٠٠٥، ص٣٨٠.

5 محمد أمین زكي، تاریخ السلیمانیة وأنحائها، ترجمة محمد جمیل بندی الروژبیاني، بغداد، ١٩٥١، ص٢٣١.

6 علاءالدین سجادی، مێژوی ئەدەبی کوردی، چ٢، بەغدا، ١٩٧١.

بەرامبەر بە ڕووداوەکان هەبێ. شێخ ڕەزای تاڵەبانی (١٨٣٨-١٩١٠) بە مناڵی هاوسەفەری باوکی بووە بۆ پایتەختی میرنشینی بابان. ئەو سەردانە کورتە، کۆمەڵێك بیرەوەریی لە مێشکیدا چەسپاندووە؛ لەکاتی گەورەبوونو کامڵیدا وردەکاریی ئەو سەفەرە ئەفسووناوییەی بیر کەوتووەتەوە:

*لەبیرم دێ سولەیمانی کە دارولمولکی بابان بوو*
*نە مەحکوومی عەجەم نە سوخرەکێشی ئالی عوسمان بوو*

لە کۆتاییدا دەڵێت:

*کە عەبدوڵڵا پاشا لەشکری والیی سنەی شڕ کرد*
*ڕەزا ئەو وەختە عومری پێنجو شەش طفلی دەبستان بوو*[7]

مناڵێکی پێنج‌شەش ساڵان، دیمەنی سیریمۆنیای بەردەرکی سەراو سەردانی میر، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر بەجێ دەهێڵێ، بە درێژاییی ژیانی بیری ناچێتەوە. سەردانەکە هەستێکی لە شانازیی "نەتەوەیی" لا دروست دەکا، کە ڕەنگە کێشەی ناسنامەی لای شاعیر تۆختر کردبێتەوە.

مەحوی، نزیکەی (٢٠) ساڵی تەمەنی لەبن سێبەری دەسەڵاتدارێتیی باباندا بەسەر دەبا، بەڵام هیچ ڕووداوێك، بە هەرەسهێنانی میرنشینەکەشەوە، ڕەنگی لە شیعرەکانیدا نەداوەتەوەو هیچ کاریگەرییەکی لەسەر کارەکانی ناو دیوانەکەی بەدی ناکرێ. ئایا دەکرێ هەر بە تەمەنی دوومانگان ڕەوانەی دەرەوەی میرنشینی بابان کرابێو پاش ساڵی ١٨٥٠ گەڕابێتەوەو هیچ دیمەنێکی پاسیڤ یا نێگەتیڤی بەرچاو نەکەوتبێ؟ ئەگەر لە سلێمانی ژیابێ، چی وای لێ کردووە، یەك دیمەنی بیر نەبێو نەتوانێ لە بینای قەسیدەیەکدا سوودی لێ وەر بگرێ؟

لەسەر بنەمای ئەم پرسیارە، دەبێ چەند تەوەرێك دروست بکەینو پرسیاری تر بوروژێنین بۆ ئەوەی بتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە سەرەکییە بدەینەوە. "مەولەوی"ی شاعیریش هەمان کێشەی لەگەڵ دەسەڵاتی بابانەکاندا هەبوە. ئەو، بۆ هەر بۆنەیەك، چەند سادەو بێبایەخیش بووبێ (وەرگرتنی چەپکە گوڵێك، یا تەسبیحیك) شیعرێکی نووسیوە، کەچی هەرەسهێنانی میرنشینی بابان ئەوەندە کاری تێ نەکردووە یەك دڵۆپە فرمێسکی شیعر بەسەر ئەو ڕووداوەدا هەڵوەرێنێ! هۆی چییە مەولەویی تاوەگۆزیش بێدەنگیی بەرامبەر بەم ڕووداوە هەڵبژاردووە؟!

## مەحویو ڕێبازی نەقشبەندی:

تەوەری یەکەمی لێکۆڵینەوەکە لە پێوەندی نێوان شاعیرو ڕێبازی نەقشبەندی دەدوێ. ئەوکاتە دوو خانەقا لە شاری سلێمانی هەبوە: خانەقای مەولانا خالیدو خانەقای مەحوی. ئەم خانەقایە شوێنو جێی مەحوی لەناو ڕێبازەکەدا دەنوێنێ. مەلا وەسمانی باوکی یەکێك بووە لە خەلیفە گەورەکانی شێخ عوسمانی سیراجەددینی نەقەشبەندی، خۆیشی خەلیفەی شێخ بەهائوددین (١٨٣٦-١٨٨٠) بووە. کەواتە مەحوی هەر بە بنەماڵە بە ڕێبازی نەقشبەندی گۆش کراوە. ژینگەی ئەو، ژینگەی ململانێو زۆرانبازی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی بابانو پاشان پێڕەوانی ڕێبازی قادریدا بووە.

ئاوابوونی هەتاوی میرنشینی بابان، کۆمەڵێك کێشە دەهێنێتە پێشەوە: دەسەڵاتێکی نیمچە "ئۆتۆنۆم" کۆتاییی پێدەهێنرێ، شارەکە دەبێتە یەکەیەکی بچووکی ئیداریی مەکینەی دەوڵەتی عوسمانی. دەسەڵاتێکی (ئۆتۆنۆم)ی خۆماڵیی کوردی لەناو دەبرێ، دەسەڵاتێکی بیانیی (نامۆ)ی خاوەن کولتوورێکی جیاواز، خۆی دەسەپێنێ. میرنشینی بابان خاوەنی ناسنامەو مێژووی خۆی بووە. دەسەڵاتی عوسمانی، ئیدارەیەکی ڕەسمیی

---

[7] شێخ محەممەدی خاڵو ئومێد ئاشنا، دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٨١.

داسەپاندووە، بە هێزێکی سەربازی پارێزگاریی داوودەزگاکانی دەوڵەتی کردووە. ڕەنگە دەوڵەتی عوسمانی لەناو پایتەختدا دەسەڵاتێکی فرەڕەهەند بووبێ، بەڵام لە پارێزگایەکی دوورەدەست وەك یەکەیەکی ئیداری بینراوەو سەیر کراوە، ڕەهەندی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیو کولتووری پەراوێز خراون. پشتگوێخستنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیو فەرهەنگی بوارێکی نوێی بۆ هێزو کەسایەتیە ئاینیەکان بەجێهێشتووە، ئەو بۆشاییەی دوای نەمانی دەسەڵاتی بابان پڕ بکەنەوە.

دەسەڵاتی عوسمانی، پاش تێکدانی دەسەڵاتی بابان، نەیویستووە جێگرەوە (ئەڵتەرناتیڤ)یەکی باشترو گونجاوترو مۆدێرنتر پێشکەش بکا، وڵاتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ داگیر کردەوە. کۆمەڵ، ئاستی گەشەکردنی لە هەر پلەیەکدا بێ، دەتوانێ میکانیزمێك بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییی دەسەڵات بدۆزێتەوە.

قادریەکان بە سەرۆکایەتیی کاکئەحمەدی شێخ (١٧٩٢-١٨٨٧) کە مرۆڤێکی زاناو خاوەن کاریزما بووە، توانییان دەسەڵاتێکی (نارەسمی)و ڕانەگەیێنراوی کۆمەڵایەتی- ئاینی لەناو شاری سلێمانیدا دروست بکەن. زۆربەی ئەو هۆزانەی وا پێشتر هاوپەیمانی بابان بوون، بوونە هاوپەیمانی بنەماڵەی کاکئەحمەدی شێخ، سەرەڕای پێوەندیی توندوتۆڵیان بە سوڵتانی عوسمانییەوە. ئەم پێوەندییە تا ساڵی ١٩٠٩و هاتنە سەر حوکمی (ئیتیحادو تەرەقی)و پیلانی مووسڵ، کە شێخ سەعیدی حەفیدو چەند کەسێکی تری تێدا بوونە قوربانی، بەردەوام بوو.

یەکێك لە خەلیفەکانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٨٩-١٨٢٧) ناوەندێکی ئاینی- کۆمەڵایەتی- فەرهەنگی- عیرفانیی لە هەورامان دروست کردو توانیی تۆڕێکی پێوەندیی قووڵو فراوان لەگەڵ هەموو خەلیفەو موریدو مەنسووبەکانی ڕێبازی نەقشبەندیدا پێکەوە بنێ. شێخ عوسمانی سیراجەددین (١٧٩٧- ١٨٨٥) یەکێك بوو لە هاوبیرو هاوڕێ نزیکەکانی مەولانا.

پاش مەرگی مەولانا، کەس نەیتوانی جێی ئەو بگرێتەوە، شێخ عوسمان کەسایەتیو ویستێکی ئەوتۆی هەبوو، هەورامانی کردە ناوەندی سەرەکیی ڕێبازەکە. پاش خۆی کوڕەکانیو نەوەکانی لەسەر ئەو ڕێبازە بەردەوام بوون.

ئەم ڕوونکردنەوەیە پێویستە بۆ تێگەیشتنی شوێنو مەقامی مەحوی لە هاوکێشەی نێوان هەورامانو سلێمانیدا. واتە مەحوی لەناو چەقی جەمسەری ئەمدیودا ژیاوە، خۆیشی خەلیفەی شێخی لایەنی دووەمی هاوکێشەکە بووە. میرانی بابان تەنیا ماوەیەکی کورت دۆستایەتییان لەگەڵ مەولانا خالیددا بەستووەو پاشان سیاسەتی تەنگپێهەڵچنینو گوشاریان بەرامبەری گرتووەتە بەر.

هەروەك چۆن"مەحوی" بە باشی یادەوەری لەسەر ژیانی سەردەمی میرنشین دەر نابڕێ، ئەو پێشو پاش داگیرکردنی شاریش، هیچ یادەوەرییەکی تەنانەت خراپیشی لەسەر ڕووداوە سیاسیەکان نییە!

## مەحویو جیهانی سیاسەت:

لەوە دەچێ "مەحوی" هەر بە هەڵکەوتو پێکهاتەی کەسایەتیو بیرو هزری خۆی، کەمترین حەزو ئارەزووی ئاراستەی جیهانی کارو چالاکیی سیاسی کردبێ. ئەو، بەگوێرەی شیعرەکانی، کە لە بەشەکانی تردا، زیاتر لێیان دەدوێین، هەر بە تەبیعەت -بەرامبەر بە کۆمەڵ- حەزی لە خۆداخستنو نەکرانەوە بووە؛ لەبریی خۆتێکەڵکردنو تێکەڵبوون، دوورەپەرێزیو تاکیو تەریکیی بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

ئێمە کاتێك لە هەڵوێستی سیاسی یا بەرچاونەکەوتنی "هەڵوێستی سیاسی" دەدوێین، ڕووداوی هەرەسپێهێنانی میرنشینی بابان دەکەینە "پێوەر"، چونکە ڕووداوێکی خوێناوی یا زنجیرەیەك شەڕو پێکدادان هەر لە ساڵی (١٨٤٧)ەوە لەناو شارەکەی ئەوداو بە بەرچاویەوە ڕوو دەدەن، یەکێکی وەك "سالم" تا سەر ئێسك دەهەژێنێو ڕووداوەکە لەلای ئەو دەبێتە هەوێنی چەندین قەسیدە، کە

یەکێکیان (شەڕی عەزیز بەگی بابان)ە. "نالی" لەکاتی داگیرکردنی میرنشینی باباندا، لە هەندەران بووە، لەگەڵ ئەوەشدا (قوربانی تۆزی ڕێگەتم..)ی نووسیوە. بێگومان ئەگەر لە کوردستان بوایە وەك "مەحوی" بێدەنگیی هەڵنەدەبژارد!

هەر کەسێك دیوانی مەحوی بخوێنێتەوە، کارتێکردنی تەکنیکی دارشتنو سەبکی "نالی" هەر زۆر بە ئاسانی دەدۆزێتەوە. کاریگەرێتیی سنووری تەکنیكو بینای دەرەکی، یا دیوی دەرەوەی سترەکتووری قەسیدە تێناپەڕێنێ. دوورایی‌و ڕەهەندی سیاسی، کە لەلای "سالم"و "نالی" بە زەق‌و-زۆپی بەدی دەکرێ، لای"مەحوی" دیمەنی سیاسی بەتەواوی کاڵ دەبێتەوە. تەنیا ئەو ئاماژە کورتو خێرایانە نەبێ کە بۆ تێگەیشتنی خۆی بۆ شیعری سۆفیگەری بەکاری هێناون.

## کاڵبوونەوەی ناسنامەی نەتەوەیی:

پشکنین‌و بەراوردکاری دەمانگەیێنێتە باوەڕێك، کە "مەحوی" -بەگوێرەی شوێن‌و سەردەمی خۆی- تا ڕادەیەك ئاگاداری بەشێك لە بارودۆخی سیاسیی جیهان‌و مێژووی گەلانی ئۆروپاو ئاسیا بووە. هەرچەند زانیاری‌و ئاگاداریی ئەو، بە مەبەستی فێربوون‌و پەندوەرگرتن نەبوە، وەك حاجی قادری کۆیی، کە زانیاری‌و وانەکانی لە بینای قەسیدەدا بۆ یەکێتیی ڕیزەکان‌و ئازادیی نەتەوەیی بەکار هێناوە. جەختکردنی "مەحوی" لەسەر ڕووداو و زانیاریەکان، ئەوەندەی پێوەندیی بە بیری دینی‌و سۆفیگەرییەوە هەیە، هیچ پێوەندییەکی ئەوتۆی بە بیری سیاسییەوە نییە. هەر بۆ نموونە لەو شیعرەیدا کە ئاماژە بۆ شەڕی نێوان ڕووسیاو ژاپۆن دەکاو بەیتی یەکەمی بەم شێوەیەی خوارەوە دەست پێدەکا:

*ئەی ئەو کەسە کە مەستی غورووری بە هاتی کار!*
*بەو دەستی زۆرە بدرە پەرۆیەك لە کاری (چار)-*
ل١٢١

شاعیر نایەوێ ڕووداوەکە وەك ڕووداوێکی سیاسی ببینێ، تەنیا لایەنی ئاینی ڕەچاو دەکاو لایەنی سیاسی‌و مێژوویی هیچ بایەخێکی ئەوتۆیان لەلای ئەو نییە:

*هەرچی هەیە موسەببیبە، باقێکە فانییە*
*بەندەی یەکێ بە، بەس ببەرە عەبدی صەد هەزار*
*"مەحوی" چ کەس مەناسە، بناسە خوداو بەس*
*ذیکری یەکێ کە، مارە، مەکە باسی چارو مار-*
ل١٢٢

تێگەیشتنی شاعیر، لە بازنەی (قەدەریەکان)دا کە ماوەیەك فەیلەسووفەکانی قۆناخی سەرەتای شارستانی‌و ژیاری ئیسلامی پێوەی سەرقاڵ بوون‌و لەگەڵ (جەبریەکان)دا لە دیالۆگو زۆرانبازی‌و ململانێدا بوون، دەسووڕێتەوە. شاعیر دەیەوێ (تەفسیر)ێك بە ئامرازەکانی فەلسەفەی (قەدەریەکان) بۆ ڕووداوێکی سیاسیی سەرەتای سەدەی بیستەم بدۆزێتەوە.

لەوە دەچێ "مەحوی" ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، لەڕێی ڕۆژنامەکانی ئێرانەوە، زانیاریی وردی دەربارەی شەڕی نێوان ڕووسیاو ژاپۆن بەرچاو کەوتبێ. ئەو، سوودی لەم ڕووداوە وەر گرتووە بۆ برەوپێدانی بیرێکی ئاینی، کە بریتییە لە نکوولیکردن لە (هۆیەکان) کە فەیلەسوووفە ئیسلامیەکانی ئەو سەردەمە، بە پشتبەستن بە هەندێك ئایەتی قورئان، ڕەتیان کردووەتەوە، لەکاتێکدا چەندین ئایەت هەن لەو ڕووەوە کە مرۆڤ خۆی لە کارەکانی بەرپرسەو دەبێ ئەقڵی بەکار بهێنێ، نەك هەرچی ڕووی دا، بدرێتەوە پاڵ قەزاو قەدەر!

"مەحوی" لەم چوارچێوە فەلسەفەیی‌و سیاسیەدا بیری کردووەتەوە، بۆیە ڕووداوەکانی شۆڕشی ڕووسیا (١٩٠٥-١٩٠٧)ی بەرچاو نەکەتووەو هیچ بایەخێکی بە بزاڤی مەشرووتە (١٩٠٥)، کە سەرانسەری ئێرانی گرتووەتەوە، نەداوە.

شاعیرێك ڕووداوەکان تەنیا لە ڕوانگەی سۆفیگەرییەوە ببینێ، هەر زۆر بەلایەوە زەحمەت

دەبێ دیاردەی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی بەدی بکا، چونکە ئەو –وەك ئەندامی گرووپێکی کۆمەڵایەتی– لەناو کۆمەڵدا ژیاوە، نەك لە دەرەوەی کۆمەڵ، لەگەڵ ڕووداوەکاندا کارلێك (تفاعل)ی کردووەو بیری نەتەوەیی –یا لایەنی کەم– هەندێ شیعری "حاجی قادری کۆیی"ی بەرگوێ کەوتووە. لەوانەیە شێخ ڕەزا ((لە بیرم دێ سلێمانی.. ))ی بە دیاری بۆ ڕەوانە کردبێ. ئەگەر گریمانەی ئەوە کە ڕۆژنامەی ئێرانیو عوسمانیی بەرچاو نەکەوتبێ بەڕاست دەرنەچێ، خوێندنەوەی ئەم دوو بەیتەی خوارەوە، دەتوانێ باوەڕێکمان لەلا دروست بکا، کە شاعیر لەبن کاریگەریی بیری نەتەوایەتیدا بووە، بەڵام نەیتوانیوە سەنگەرگۆڕکێ لە هەڵوێستی سیاسی– دینیی خۆی بە قازانجی بیری نەتەوەیی بکاو هەر لەبن ڕەشماڵی جیهانی سۆفیگەرێتیی خۆیدا بمێنێتەوە.

جەختکردنەوەی شاعیر لەسەر (دیوان)ەکەی، کە قەلەندەرو گەدایەکی"کورد"ی وەك "مەحوی" دەخاتە ڕیزەی پاشایەکی فارس، لەبەر ئەوەی هەردوکیان (دیوان)یان هەیە؛ ئەمە لەلایەکەوە سوودوەرگرتنە لە شیعرێکی "نالی" کە دەڵێ:

*فارس و کوردو عەرەب هەرسێم بە دەفتەر گرتووە*
*نالی ئەمڕۆ حاکمی سێ موڵکە، دیوانی هەیە*[8]

لەلایەکی ترەوە، ئاستی خۆناساندنی شاعیر دەنوێنێ، کە گەدایەکی کوردیش بێ، بەڵام لەگەڵ (پادشاهێکی فارس)دا خۆی بە هاوتاو یەکسان دادەنێو ئەمە پێچەوانەی (گرێی خۆبەکەمگرتن)ە، کە زۆرجار ئەندام یا هاوولاتییەکی نەتەوەی ژێردەستە، ئەو (گرێکوێرەیە) ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەر دەبڕێ. ئەمو ئەو یەکسانن و هەردوکیان (دیوان)یان هەیە، (دیوان)یش لەڕووی لەفزییەوە هەر (دیوان)ەو هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ یەکتردا نییە.

*کوردی زوبانی ئەصڵمە گەر تەرکی کەم بەکول*
*بۆ فارسی، بە کوللی ئەمن دەبمە بێوەفا*
*دووری مەبینە تۆ لە کەریمی بەهانەجۆ*
*هەرچی کە کوردە پاکی ببەخشێ بە (بولوفا)*– ل١١

بەیتی یەکەمیان بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە شاعیر پتر لەبن کارتێکردنی عیرفانی فارسیدا بووە، ئەوەندە لەو دەریایەدا قووڵ بووەتەوە، زۆری نەماوە هەست بکا بەتەواوەتی بزر دەبێو هیچی نامێنێتەوە. شنەی شەماڵی بیری نەتەوەیی بەر تێگەیشتن و هزری دەکەوێو هانی دەدا بەتەواوی خۆی ڕادەستی زمانی فارسی نەکا. لایەنێك نەبووبێ شاعیری بەلای بیری نەتەوایەتیدا هان دابێ، چۆن لەناو جەنجاڵیی سەرقاڵبووندا بە باوەڕی سۆفیگەرایەتییەوە دەپیەرژێیە سەر ئەوەی وا ئاوڕێك لە ناسنامەی خۆی بداتەوەو بیری بکەوێتەوە کوردەو فارس نییە؟

ئەم پارچە شیعرە لە هەر قۆناخێکدا نووسرابێ، نیشانەی گۆڕانێکی قووڵە لە بیرو هەڵوێستی شاعیردا، چونکە بە خۆی زانیوە کە کوردە. ئەوی ڕاستی بێ، ئەگەر نەشینووسیبایە ((کوردی زوبانی ئەصڵمە))، دانانی دیوانێك بە کوردی بەڵگەی ئەوەیە کە خۆی بە کورد داناوەو بەلایەوە گرنگ بووە بە کوردی بنووسێو خەونەکانی خۆی بە زمانی کوردی، نەك بە زمانێکی تر، دابڕێژێ. بێگومان تێنوتوانی ئەوەی هەبوە بە فارسیش بنووسێو دیوانێکی فارسی لەدوای خۆی بەجێ بهێڵێ. ئەوکاتەش کەس گلەیی لێ نەدەکرد، کە بۆ تەنیا بە فارسی شیعری داناوە؟!

"مەحوی" بە هۆی دیوانەکەیەوە، هەستی بەوە کردووە ئەو کەسێك نییە نەخوێندرێتەوەو دەسەڵاتی ئەو لەگەڵ دەسەڵاتی (پادشاهێکی فارس)دا یەکسانە:

[8] مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیس (نالی)، دیوانی نالی، لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم و محمدی مەلا کەریم، انتشارات صلاح الدين الأيوبي– تهران، ١٣٤٦ (هێمن موکریانی پەراوێزی لەسەر نووسیوە).

*بنووسە، پیری دڵم ئەمری کرد، ئیطاعەم کرد*
*لە ئیبتیداوە کە بەیتێ موناسیبی دیوان..*
*گەدایەکی وەکوو ''مەحوی'' قەلەندەرێکی کورد*
*میثالی پادشەهی فورسە صاحێبی دیوان..*

**شاعیرو هەلاج:**

''مەحوی'' کە خۆی بە قەلەندەرێکی کوردو گەدای بە ''پادشاه'' پێناسە کردووە، خۆی لەگەڵ (پادشاه)ێکدا بە یەکسان داناوە، هەروەکوو پادشاهێك خاوەن (دیوان) بووەو فەرمانڕەواییی کردووە. ئەم پادشایە (دیوان)و مەملەکەتی هەبوە، بەڵام سوپاو لەشکرو تۆپو قەڵای نەبوە، پارێزگاری لە (دیوان)ەکەی بکا، بۆیە ئەویش وەك زۆربەی سۆفیەکان، یا شاعیرە سۆفیەکان پەنا دەباتە بەر (ڕەمز)و (ئەفسانە)و (میتۆلۆژیا) بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان ڕاستیی تاڵو خەونی پڕلەهەنگوین.

یەکێك لە ڕەمزو (سمبۆڵ)ەکانی مەحوی: هەلاجە، کە لەسەر ((أنا الحق)) بەردەباران کراوەو هەڵواسراوە. ئەم سمبۆلە لەلای مەحوی ئەوەندە گرنگە، لایەنی کەم (١٠) جار لە دیوانەکەیدا ناوی ''مەنسوور''و ((أنا الحق)) دووبارە دەبێتەوە. ئایا دووبارەبوونەوە جۆرێکە لە عاشقیی شاعیر بۆ کارێکتەرێك، تەنیا لەبەر خۆشەویستیو دڵبەستەیی، یا کەسایەتیی دووەم بە (دۆنای دۆن) دەچێتە پێستی کەسایەتیی یەکەمەوە، یا کەسایەتیی دووەم ژیانو هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی لە یەکەم چووە؟

*بە حەق هەر حەق، بە ناحەق ناحەقم وتوە لە ڕۆژێ بووم*
*وەکوو مەنصوور ئەگەر بیشمکوژن ناکەم لە حەق لادەم- ل٢٢٧*

ئەم بەیتە ((کلیلی سەرەکی))ی کردنەوەی دەرگای کەسایەتیی شاعیرەو تێگەیشتنی کێشەکەی دەخاتە ڕوو: شانازی بەوەوە دەکا کە کەسایەتییەکی شمشێرئاسا بووە: ((بە حەق هەر حەق، بە ناحەق ناحەقم وتووە))، واتە شاعیر فرە- ڕوو، فرە- کارێکتەر نەبوە، لە هەر کۆڕێك لەبەر پاراستنی بەرژەوەندەکانی خۆی، دەمامكو دێوجامەی بەکار نەهێناوە. ئەم ستراتیژە مرۆڤ لە قسەکردنو ئاکاردا ڕووبەڕووی هەزاران کێشە دەکاتەوە.

ئەگەر کەسێك لە ژیانی ڕۆژانەدا هۆگری (حەق)وتن بێ، ئەوە کێشەیەکی ئاساییەو ڕەنگە ژینگەی کۆمەڵایەتی لە ڕیزی خۆی بە ئاسایی وەری بگرێو ئامێزی بۆ بکاتەوە، یا (حەق)وتن ئەوەندە ڕەق بێ کۆمەڵ سانگسیۆنی (سزا)، پشتتێکردنو پەراوێزخستنی بخاتە سەر. بەڵام (حەق)وتن لە بواری سیاسیو فەلسەفەییو میتافیزیكو پۆست-میتافیزیکدا بێ، ئەوە کێشەکە ڕەهەندێکی تر (دیمینزیۆن) وەر دەگرێ!

((أنا الحق))ی مەنسووری هەلاج، مەبەستێکی ڕووتی زمانەوانی نەبوە، ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجەم دامەزراوەکانی کۆمەڵو دەوڵەتو ئاین بووە، بە تەنیا پێچەوانەی هەر هەمووی بووە. (حەق)وتنو بەگژاچوونەوەی ناحەق، هەزاران سەری لەسەر پەڕێنراوەو هەزاران خوێنی لەسەر ڕژێنراوە. کاتێك کەسێك بەو قۆناخە دەگا، دەبێ حیساب بۆ کاردانەوەی کۆمەڵو دەوڵەتو گرووپە کۆمەڵایەتیو دینیەکان بکا، ئەگەنا لەناو ئەشکەوتە تاریکەکانەوە هەزاران دێوو درنج لێی دەردەپەڕن. یەکێك خۆی بە مەنسوور بچوێنێو باکی لەوە نەبێ تووشی هەمان چارەنووس دەبێ، ئەمە تەنیا بۆ ڕاگرتنی کێشو سەروای قەسیدەیەك نییە، یا بیەوێ بۆ جوانیی بەیتێك، ئاماژە بۆ ناوی هەلاج بکا. ئەمە لەلایەکەوە، لایەنێکی کەسایەتیی مەحوی دەخاتە سەر تابلۆیەك، کە باکگراوەندەکەی پۆرترێتێکی هەلاجەو دەیان ((أنا الحق)) لەپشتیەوە لە خاچ دراون. لەلایەکی ترەوە کەسایەتیی ئەو کە ڕێ بە خۆی دەدا خۆی لەگەڵ مەنسووردا بەراورد بکا، دیارە پیاوێکی بوێرو ئازاو چاونەترس بووە، بەرامبەر بە هەر ڕووداوو کاردانەوەیەك دژ بە هەڵوێستەکانی ئەو هەمیشە لە سەنگەردا بووە.

ئایا "مەحوی" مەنسووری هەلاجی سەردەمی خۆی بووە؟ ئەو، هەر لەسەر لاپەڕەی دیوانی شیعرەکانی و کۆڕو کۆبوونەوەی سۆفیاندا (مەنسوور) بووە، یا بە کردەوەش خۆی لە پەتی سێدارە نزیك کردووەتەوە؟ بۆ بەرسڤدانەوەی ئەم پرسیارە، پێویستیمان بە کۆمەڵێك کەرەستەو داروبەرد هەیە. شاعیر پێش نزیکەی (١٠٥) ساڵ کۆچی دوایی کردووە، بەڵام جگە لە دیوانەکەی و هەندێ دەنگوباسی سادە، هیچمان بەدەستەوە نییە. من نامەوێ هەڵومەرجی لەسەرنووسینی ژیاننامەی شاعیرێکی کوردو شاعیرێکی ئۆروپی پێکەوە بەراورد بکەم، بەڵام ئەگەر ئەو بەراوردە لەگەڵ شاعیرێکی فارس یا عەرەبدا بکرێ، ئەوە ئێمە شتێکی ئەوتۆمان بەدەستەوە نییە! نە شاعیر خۆی ژیاننامەی خۆی نووسیوە، نە خەڵکی تر ئەوەندە خەمخۆر بوون ژیاننامەیان بە وردی بنووسن و نە هیچ بەڵگەنامەیەکی شاعیر بە ڕێكوپێکی هەڵگیراوە. هیچمان لەبەردەستدا نەبێ، جگە لە دیوانەکەی و هەندێ دەنگوباس و سەربردەی لابەلاو ڕووداوی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەو سەردەمە، ناتوانرێ لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕو فراوان لەسەر مەحوی بنووسرێ.

هەروەکوو چۆن "ئەحمەدی خانی" قوتابخانەو مزگەوتێکی لە بایەزید دروست کردووەو ئەم زانیارییە سوودێکی یەکجار زۆری بۆ لێکۆڵینەوە هەیە، بە هەمان شێوە (خانەقای مەحوی) سوودی خۆی هەیە بۆ تێگەیشتنی ژیان و شیعری ئەو. ئێمە خانەقاکە بە ڕووداوێکی گرنگی کۆمەڵایەتی دادەنێین و هەوڵ دەدەین هەندێ لایەنی ژیانی شاعیر لەڕێی دروستکردنی ئەم خانەقایەوە تێبگەین.

پێشەکی، نە هەموو کەس خانەقای بۆ دروست دەکرێ و نە هەموو کەس دەتوانێ خاوەن خانەقا بێ. شاعیر لە سەردەمی خۆیدا پیاوێکی گومناو نەبوەو خانەقاکەی دووەم خانەقای شاری سلێمانییە، پاش یەکەم خانەقا کە خانەقای مەولانا خالیدە. ئەم خانەقایە لە دەوروبەری ساڵی ١٨٩١دا دروست کراوە. بەگوێرەی پێشەکیی دیوانەکەی، ساڵی ١٨٨٣ سەفەری حەجی بەجێ هێناوەو لەوێوە سەری لە سوڵتان عەبدولحمید داوە، سوڵتان -گوایە- فەرمانی دروستکردنی خانەقای بۆ داوە. بێگومان ئەوساش وەك ئێستا چاوپێکەوتنی سوڵتان یا مەلیك یا سەرۆككۆمار، هەروا ئاسان نەبوە. هەموو کەسێك ڕێی نەدراوە سەر لە خەلیفەی هەموو موسڵمانان بدا.

کەسێك پلەو مەقامێکی بەرزی کۆمەڵایەتیی نەبووبێ، دەرگای (بابی عالی)ی بۆ نەخراوەتە سەر پشت. ڕەزامەندیی سوڵتان بۆ دروستکردنی خانەقایەکی تر لە شاری سلێمانی، شایانی ئەوەیە لێکۆڵینەوەیەکی وردی سەربەخۆی لەسەر بنووسرێ، چونکە ئەوە ڕووداوێکی سادەی مێژووی شارەکە نییە!

عەلی کەمال باپیر ئاغا ساڵی ١٩٢٢ لە پێشەکیی دیوانەکەیدا دەنووسێ: ((لە ئەستامبووڵو سایری مەمالکی عوثمانیدا مەشهوورو مەعرووفە وەزیرو ئیشبەدەستەکانی ئەستامبووڵ زۆریان نیسبەتیان بە مەحوی بووە)). "کەمالی" پاش حەڤدە ساڵ سەرلەنوێ لەسەر پلەوپایەی مەحوی دەنووسێ: ((هەیشە لە مەجلیسی عیلمو ئەدەبو سفرەی نانو نیعمەتی ئەودا فەقیری لە موتەصەڕیفی بەرەوژوورتر بووە)).[9] ئەم دوو بڕگەیە بەڵگەی پلەو مەقامی کۆمەڵایەتیی شاعیرن.

### هەلاج و هێزەکانی گوشار:

گومان لەوەدا نییە "مەحوی" لە سەردەمێکدا ژیاوە کە کۆمەڵی ئەوسای شاری سلێمانی بەسەر دوو تەوەردا دابەش بووە (قادری و نەقشبەندی). ئەو، خۆی و باوکیشی لە خەلیفەکانی شێخ عوسمانی سیراجوددین بوون. کەواتە مەلا عوسمان پیاوێکی لاوەکی و پەراوێزخراو نەبوەو یەکێك بووە لە جەمسەرەکانی ململانێ و زۆرانبازییەکەو لەناو سۆفیەکاندا دەورێکی بەرچاوی هەبوە، چونکە

[9] علی کمال باپیر آغا، س. پ، ل٣٦.

هەموو سۆفییەك هەروا بە ئاسانی نابێتە خەلیفە.[10] کوڕ شوێن باوکی کەوتووەو جێیشی گرتووەتەوە، توانیویە دەوری "پێشەنگ"و پێشەواو بەرەنگاری لەناو ئەم ڕێبازەدا بگێڕێ. بەرگی سووری "هەلاج"ی لەبەر کردووەو ملی لە چەقۆ سویوەو گوێی بە هیچ مەترسییەك نەداوە! ئەو، هەر لە سەرەتاوە زانیویە ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکێشێ‌و بەردەوامبوون لەسەر ڕێی باوك بە گوڵ‌و گوڵزار نەڕازێنراوەتەوە. لەگەڵ هەموو ئەو مەترسیانەشدا، ڕێی "هەلاج"ی هەڵبژاردووە:

*بەپیری مەرگەوە فەرسەخ بە فەرسەخ ڕۆیون مەردان*
*ئەوی باکی لە مردن بێت دیارە بڵحو نامەردە–*
ل۲۷۰

شاعیر لەسەر یەك ڕێ پەروەردە کراوەو شارەزای ڕێی دووەم‌و سێیەم نەبوە.

"عەلی کەمال باپیر ئاغا" گێڕاویەتیەوە،[11] فریای بینینی مەحوی کەوتووە، کە زۆر پیرو کەنەفت بووەو بە دووروودرێژی بۆی گێڕاوەتەوە، چەند لەسەر هەڵوێست‌و باوەڕ تووشی ئازارو دڵ-ڕووشاندن‌و شکاندن هاتووە. جارێکیان دەستەیەك لە خەڵکی شار، لە زێرابەکەی بەردەمی (ئاشەگواوی) یا لە ئاوی زێرابەکەیان هەڵکێشاوە. بەداخەوە، نە ساڵ‌و کاتی ڕووداوەکەی لێ پرسیوەو نە قسەکانیشی تۆمار کردووە. ئەم قسەو گێڕانەوەیەی عەلی کەمالی باپیر ئاغا لەگەڵ پێشەکیی دیوانەکەی مەحوی‌و (گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەصرم)دا ناگونجێ. ئەگەر شتێکی ئەوتۆ ڕووی دابێ، دەبێ لە سەردەمی گەنجایەتیدا بووبێ، کاتێك دەسەڵاتی شاعیری لاو، لەچاو دەسەڵاتە زەبەلاحەکانی تردا، کەم بووە.

ئەم گێڕانەوەیە، پێم جوان نەبوو لێرە بینووسم‌و نامەوێ پەنجەی تاوانبارکردن بۆ هیچ لایەك ڕابکێشم، چونکە ڕووداوەکە لایەنی کەم نزیکەی سەدەو نیوێکی بەسەردا تێپەڕیوە. ئێمە یەك مەبەستمان لەم گێڕانەوەیەدا هەیە، ئەویش ئەوەیە تیشك باوینە سەر لایەنێکی ژیانی شاعیر، لەکاتێکدا لە دیوانەکەیدا زۆر گلەیی لە دانیشتوانی شار دەکا. بەشێك لە کۆدەکانی ناو شیعرەکانی، ئەگەر هەندێك لاپەڕەی ژیانی لە تاریکیدا بمێنێتەوە، بە داخراوی دەمێننەوە. کێشەی ئێمە ئەوەیە، بە تاقە یەك بەڵگەو یەك شایەت، وەك کێشەیەکی بەردەم دادگا، لە ڕووی قانونییەوە ناتوانین کاری لەسەر بکەین. بۆیە دەبێ بۆ گێڕانەوەی بەهێزترو بەڵگەی بڕواپێکراوتر بکەوینە گەڕان‌و پشکنین. ئێمە لە بەشەکانی تری ئەم نووسینەدا، هەوڵ دەدەین لەسەر پێوەندیی شاعیرو شار بنووسین..

**کوشتن‌و خوێن:**

شاعیرێك بەدەست زوڵم‌وزۆرو هەڕەشەو ئازاردان‌و سووکایەتی‌پێکردن نەینالاندبێ‌و ئێش نەگەیشتبێتە سەر ئێسکی، ناتوانێ سیناریۆیەك لە جیهانی فەنتازیاوە بخولقێنێ‌و ناچارمان بکا بڕوای پێ بهێنین. ئەو، لەبن گوشارو پاڵەپەستۆدا نەبووبێ، پەنا ناباتە بەر "سمبۆڵ"ی هەلاج، کە بە دڕندانەترین شێوە کوژراوە. من ناڵێم: مەحوی "هەلاج"ی وەکوو پێشەوێنە (قدوة– Vorbild) هەڵبژاردووە، بەڵام زۆربەی کات هاواری ((أنا الحق))و کوشتنی هەلاجی لە بەرچاو بووە، وێنای خۆی کردووە کە ڕۆژێك دادێ دەکەوێتە بەردەستی دەستەیەك پیاوی توندڕەوی ئاینی و بە دەردی ئەوی دەبەن‌و هەڵیدەواسن.

کەسێك پێی وابێ شاعیر لە سۆنگەی سۆفیگەرێتییەوە مەنسووری هەلاجی وەکوو مۆتیڤێکی میتیۆلۆژی هەڵبژاردووە و تەنیا شانازیکردن بووە بە سۆفییەکەوە کە لە پێناوی

---

[10] عەلی کەمال باپیر ئاغا بە یەکێك لە خەلیفە گەورەکانی شێخ عوسمانی سراجالدین ناوی دەبا.

[11] ڕۆژی (۲۰۰۱۱/۱۱/۱۸) کاك محەممەدی حەمەباقی سەری لێ دام. وەختی خۆی چەند جارێك "عەلی کەمال باپیر ئاغا"ی بینیوە. ئەمانەی لە زمانی ئەوەوە بۆ گێڕامەوە.

بیروباوەڕەکەیدا بە زیندوویەتی لەتویەت کراوەو گوێی نەداوەتێ. مەولەویی ڕۆمیو مەولەویی تاوەگۆزی لە مەحوی سۆفیتر بوونو کەسیشیان بەو چرووپریی دیمەنە خوێناویانەوە "مەنسووری هەلاج"یان بەرجەستە نەکردووە. شاعیر زانیویەتی پەیامێکی هەیەو دەیەوێ بیگەیێنێو گەمارۆ دراوە بە کۆمەڵێك، کە ڕایەڵو پێکەوەگەیاندن لەنێوانیاندا نییە. چاوەڕوان بووە وەك مەسیح لە خاچ بدرێ، کەس بەدەنگیەوە نەیێ. هەڕەشەی بەردەوامو ترسی مەرگ، وایان لە شاعیر کردووە هەست بکا ئەو لە مێژووی سۆفیگەرێتیدا تاقە کەسێك نییە هەڕەشەی کوشتنی لەسەر بووبێ.[12] لەو مێژووەدا، وێستگەو قۆناخو کارێکتەری هاوشێوە هەن، هێڵی هاوتەریبو لەیەکەوە نزیك لەگەڵ بیرو هزرو چارەنووسی ئەودا هەن. مەحوی لە ئاوێنەی مێژوودا بەدوای خۆیدا گەڕاوەو مەنسووری دۆزیوەتەوەو خۆی لەناو هزرو دڵی هەلاجو (انا الحق)دا ناسیوەتەوە. بە کوشتنی مەنسوور، ئەو لە مێژوو نەسڕایەوە، بە جۆرێکی تر لە دڵی خەڵکدا بە زیندوویەتی ماوەتەوە. بۆیە مەحوی ئەم کەسایەتییە هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی بە تیپی بکوژەکان بڵێت: لەناوبردنی من هەروا ئاسان نییە، وەکوو هەلاجم لێ دێت.

من لە لاپەڕە (٣)وە تا (٣٥٤)ی (دیوانی مەحوی)م هەڵداوەتەوە: نزیکەی (٥٢) جار وشەی خوێن (خون)م بەرچاو کەوتووە. هەروەها نزیکەی (٥٣) جار وشەی (کوشتمیو کوشتنو..)ی بەکار هێناوە.

فەرهەنگی زمانەوانیی مەحوی، ئەوەندە بەرهەمی ژیانو ژینگەی شاعیرە، ئەوەندە بەرهەمی خوێندنەوەو کاری ڕووناکبیری نییە. بەکارهێنانی ئەم وشەو زاراوانە، دەلالەتگەلی یەکجار زۆری هەیە: چونکە پێوەندیی بە (هۆش)و تێگەیشتنو ئاگاییی مرۆڤەوە هەیە، بەشەکەی تری پێوەندیی بە (بنهۆش)ەوە هەیە. هەر کامەشیان بێ، ڕەنگدانەوەی شوێنەواری برینو ڕووشانی هەستو (تراوما- Trauma)ی تێدا بەدی دەکرێ.

*لە چاوی بەدخودا حیفظی بکا ئەو شۆخە سەرمەستە*
*سەریش ئەبڕێ، سەریشی لێ دەدا، هەی هەی چ سەربەستە*– ل٢٤٦

*بە تێرێ کوشتمی، هەڵیواسیم، سووتاندمی، ڕۆیی*
*دوعا بۆ حیفظی کەن، کێ دیویە جانانە وا گوستاخ*–
ل١٠٥

میتافەکانی ناو ئەم دوو بەیتەی سەرەوەمان بە نموونە هێناوەتەوە، ئەمانە وێنەیەك نین شاعیرێکی ئاسوودەو دڵشاد دەستی لە ملی یار بووبێو سەیری شەپۆلەکانی دەریای کردبێ! شاعیر لە هەلومەرجێکی زۆر ترسناکدا ژیاوەو ویستوویەتی بە شیعر هاوسەنگییەك دروست بکا بۆ ئەوەی بتوانێ بەرگەی ئەو گوشارە بگرێ.

فیلمسازی ناسراوی جیهانی "ئەلفرێد هێتشکۆك" منالێکی هەست ناسكو وریاو باوکی بازرگانی مەلفرۆشتن دەبێ. ئەو بە فیلمی ترسناك، فڕینی قەلەڕەشو پەلەوەر، خۆی لەدەست بێدەسەلاتیی سەردەمی منالی دەرباز کردووەو ترسی خستووەتە دڵی ملیۆنەها خەڵکەوە. "ئێرنست هێمنگوەی" کوڕی دکتۆرێك بووە، لەکاتی شەڕدا بریندارەکانی تیمار کردووە. هەندێ جار باوك داوای یارمەتیی لە کوڕە بچکۆلەکەی کردووە، دەستو پێی بریندارەکانی بگرێ تا ئەو نەشتەرگەرییان بۆ بکا.[13]

---

[12] ئەو نووسەرانەی کە "جەمال عیرفان"یان کردووەتە سمبوڵ، ڕێکەوت پاڵی بەو کەسانەوە نەناوە، لەنێوان دەیان سەرکردەی سیاسیو سمبۆلدا، کەسێك هەروا لەخۆڕا بە (دۆنای دۆن) بچێتە پێستی یەکێك لە شەهیدەکانی بیری سیاسییەوە. مۆتیڤو خولیایەکی ئینسانی لە چارەنووس، هاوشێوەییو سووربوونی کراس لەپشتەوە، سمۆلێك لە سمبۆلە هاوشێوەکان زیندوو دەکاتەوە.

[13] Schönau ،Walter und Pfeiffe، Joachim: Einführung in die Psychalyische. Literatur- Wissenschaft. 2. Auflage. Verlag Metzler. Stuttgart. Weimar 2003 S. 12.

ڕۆمانو چیرۆکەکانی هێمنگوەی پڕن لە شەڕوشۆڕو خەڵکی بریندارو کوژراوو خوێنڕشتن. نووسەر هەوڵی داوە تراوما دەروونییەکانی سەردەمی منداڵی بە کارێکی ئەدەبی چارەسەر بکا، وێنایەك لای خوێنەر دورست بکا، بەرامبەر بە شەڕو برینداریو گرموهووڕی تۆپ هیچ باکی نییە.

بە دووری نازانم "مەحوی" لە تەمەنی منداڵیدا -(٢-٣) ساڵان- بە ئەزموونێکی زۆر تاڵو جەرگبڕی دەروونیدا تێپەڕیبێ؛ کوشتارێك لەبەردەمماڵیاندا ڕووی دابێ، لاشەی کوژراوو جۆگەلەی خوێنی دیبێو هاواری بریندارانی بەر گوێی کەوتبێ. ئەم دیمەنە لای منداڵێکی ساوا (تراوما-Trauma-برین)ی دەروونی دروست دەکا. شاعیر کاتێك دەنووسێ، ڕەنگە هەر بیریشی نەبێ تووشی (تراوما) هاتووە، چونکە منداڵ لەو تەمەنەدا هەر ڕووداوێکی ئەوتۆی بینیبێ، لەسەر ڕووبەری (هۆش) پارێزگایی لێ ناکرێ، بەڵکوو بۆ (بنهۆش)[14] دادەخزێ. ئەگەر بۆ بنهۆش ڕانەماڵرێ، مێشكو هۆش ناتوانن تا کۆتایی ژیان دیمەنە کاریگەرە ترسناکەکان لەبەرچاو بگرن.

[14] بەشێکی نووسەرە کوردەکان، بە کارتێکردنی وەرگێڕانی چەمکی (ئونتەر بڤوست زاین- Unterbewusstsein) بە هەڵە بۆ (اللاشعور) لەلایەن نووسەرو وەرگێڕە عەرەبەکانەوە، ئەوانیش ئەم (اللاشعور)ەیان بۆ (نەست) وەرگێڕاوە. نەست بە حیسابی ئەوان لەفارسییەوە وەر گیراوە. (هستیو نستی) مانای (بوونو نەبوون) دەگەیێنێو بە عەرەبی دەبێتە (الوجود والعدم) کە ناونیشانی یەکێکە لە کتێبە بەناوبانگەکانی جان پۆل سارتەر. (bewusst)ی ئەڵمانی بە کوردی دەبێتە (هۆش)و (unter) مانای (بن، ژێر) دەگەیێنێ. کەواتە دەبێ چەمکێك بەرامبەر (ئونتەر بڤوست زاین ـUnterbewusstsein) دابهێنن لە (بن- هۆش) کە دەتوانین بە (بنهۆش) بینووسین. دیوەکەی تری (هۆش)ە، کە مانای ئاگایی دەگەیێنێو مرۆڤ لە باری ئاساییی خۆیدا (هۆش)و (ئاگایی) ئاڕاستەی هەڵسوکەوتی دەکا.

**داشتنی ئەهلی شار:**

دانیشتوانی شاری سلێمانی، لە سەدەی نۆزدەهەمدا، سێجار لەلایەن سێ شاعیری خەڵکی شارەکەوە، بەر شاڵاوی تووڕەییو ڕەخنەو گلەییو گازندە کەوتوون. هەریەکەیان لە قۆناخێكو لە گۆشەنیگایەکەوە داخی دڵی خۆی هەڵڕشتووە.

یەکەمین کەس قەڵەمی لەسەر کاغەز گێڕابێو دەرگای زووخاو هەڵڕشتنو نزای خستبێتە سەر پشت شێخ مارفی نۆدێییە (١٧٥٣-١٨٣٨ز).

(١٧٩٠ز)، واتە تەنیا شەش ساڵ پاش دروستکردنی شاری سلێمانی، شێخ مارفی لاو، دابەزیوەتە سەر دیاردەی زوڵموزۆر و غەدرو دەستبەسەرداگرتنی موڵکی خەڵكو داوای لە سوڵتان سەلیم کردووە هەلومەرجی موڵك-گواستنەوەو سەرهەڵگرتن بۆ حیجاز، قودس، یا شام فەراهەم بکا:

*ومَسقط رأسي ارض كرد ورُبعها*
*وقد كان منها نشأتى ثم نشوتى*
*ولكنني قد عفتُ فيها اقامَةَ*
*فانىَ عَفت فيها رسومُ مسرتَى*
*ولم يبق من روح وصَفو وراحة*
*بأوطان كرد أو سرور وبَهجة*
*مَرابع لايحلو بها عيشُ قاطن*
*ولو أنه يأوى الى رأس قُلَة*
*بلاد بها قرنُ الشياطين طالع*
*وكم فتْية فيها مُساعُر فتنة*
*وكم بدع فيها فَشتْ ومحارم*
*قد انتُهكت من أهل بغى وشرطة*[15]

"سالم" شاعیری دووەمە، کە پاش هەرەسپێهێنانی میرنشینی بابان، جامی هەڵچوونو بێزاریو نائومێدیی خۆی بەسەر کاسبکارانی شاریدا هەڵڕشتووە؛ کەسێك شوێنو

[15] محمد خال، الشيخ معروف النودهي، دار مطبعة التمدن، بغداد، ١٩٦١، ص٥٧.

مەقامو پێوەندیی خێزانیی لەناو چینی فەرمانڕەوادا نەزانێ، ڕەنگە پێی وابێ شاعیر لەبن کاریگەرێتیی تیۆریی مارکسیدا لە سروشتی چینایەتیی ئەم چینە دوواوە:

*لە ئەصلا بانیی ئەم کارە کاسبهای شەهری بوون*
*لە ئەمری فیتنەئەنگێزدا سەرانسەر میثلی شەیطانن*
*لە ئەوضاعی سلێمانی ئەوانە شادو ئاسوودەن*
*لە فەرعا نوطفەیی حەیضن، لە ئەصلا جنسی شەیطانن*
*گەهێ هەمدەردی ئەکرادن، گەهێ هەمعەیشی ئەتراکن*
*لە یەک لا مادەری بەرخن، لە یەک لا یاری گورگانن*[16]

داشۆریو هەڵوێستی نێگەتیڤی "مەحوی" لە ئەهلی شار، زۆرتر لە شیعرە دوورودرێژەکەی (شێخ مارفی نۆدی)وە نزیکە، نەک لە سالمەوە. بازنەی گلەییو گازندەو سکاڵای مەحوی زۆر فراوانەو ئاراستەی هەموو چینو گرووپەکانەو کەمتر دەستپارێزیی کردووە. ئێمە لێرەدا هەندێک نموونە دەهێنینەوە:

*ئەهلی تەزویرو فەسادن، غاصیبی ماڵی عیباد*
*موبتەلا بن بەم بەڵایە، ئەهلی شارێ (العیاذ)*
*فیتنەجۆیی، یەک بە یەک دانە بەکوشتن، ئیشیان*
*ڕوو بەوانە ئەغلەبەی ئینذاری بارێ (العیاذ)*
*هارومارن، غەیری یەک یەک، یەکسەری دێوو دەدن*
*ئیکتفا نابێ بکەی "مەحوی"! بەجارێ (العیاذ)*- ل١١٨

بەیتی یەکەم، لە یەکەم خوێندنەوەدا، هەست دەکەی شاعیر ڕووی شیرەکەی کردووەتە هەموو خەڵکی شار، چونکە دەڵێت: ((ئەهلی تەزویرو فەسادن)). کەواتە کەسی نەبواردووە. بڕگەکەی تری (غاصیبی ماڵی عیباد)، واتە بەرەیەکی شار بریتییە لە (عباد الله) کە زۆربەی خواپەرستان دەگرێتەوە، ئەوەکانی تر بە زۆرەملێ دەستیان بەسەر موڵکو ماڵی خەڵکدا گرتووە. ئەمانەش کەمینەن، پیشەیان ئەوەیە دووبەرەکی بنێنەوەو یەکتر بەکوشت بدەن بۆ ئەوەی باڵادەستیی خۆیانو دەسەڵاتی ڕەهایان ڕابگرن.

شاعیر، بەگوێرەی دوا بەیتی ئەم پارچە شیعرە، (تاک تاک) خەڵکی باشی لە بەرچاو گرتووە، زۆربەی زۆری دانیشتوانی شاری لە (بەرەی دوژمن)دا داناوەو بازنەی دروستو لایەنگرانی هەر زۆر بە بچووکیو تاکوتەرا پێشان داوە. دیارە ئەمە سەرچاوەی بەشێک لە کێشەکانی مەحوی بووە. گرووپەکانی تر، لەگەڵ هێزدا بوونو نەیانوێراوە بچنە پاڵ لایەنێک، هێزو زەبروزەنگی نەبێ. لە ئەمریکای ئەمڕۆشدا، خەڵک دەنگ بە گەورەترین فەیلەسووفو نووسەر نادا، بەڵکوو دەنگ بە کەسێک دەدا لە ڕووی داراییو سیاسیو ڕاگەیاندنەوە بەهێز بێ.

*نائەهلیی ئەم ئەهالییە مەعلوومی من کە بوو*
*شوکری خودا، خودا بەس، ئومێدم نەما بە کەس*- ل١٤٧

لەم بەیتەدا خودا دەبێتە تاقە پشتیوانیو ئومێدی بە کەس نامێنێ. دیارە شاعیر لەم چرکەیەدا کەسی بەدەورەوە نەماوەو زۆربەری ئەو خەڵکە پشتیان تێکردووەو هیچ پشتیوانێکی نەماوەتەوە. سەرەتای قەسیدەکە بەم شێوەیە دەست پێدەکا:

*چ بکەم، نە ئەو کەسەم کە کەسم بێ لەلا بە کەس*
*خۆشم نەگەیمە ئەو کەسە ئەو من بکا بە کەس*- ل١٤٦

شاعیر لەگەڵ ژینگەو دەوروبەردا کەوتووەتە کێشە؛ نە ئەو دەتوانێ "کەس" بەلای خۆیدا وەک موگناتیس ڕابکێشێو وەک "کەس" پێناسەیان بکا، "کەس"یش ناتوانێ هێزی ڕاکێشانی هەبێ، ئەم بۆ لای خۆی ڕابکێشێو وەکوو"کەس" ئەم پێناسە بکا! شاعیر دەگاتە دۆخێک هەست دەکا هەرچی ڕەوشتو ڕەوشو چالاکیی مرۆڤانە هەیە، لەم شارەدا نەماون، (دینو حەیا) لە فەرهەنگی شاردا سڕاوەتەوە:

*لەم شارە خۆ هەموو ڕەوشو دەئبی ئادەمی*
*یەکبارە باری کردووە، دینو حەیا خوصووص*

---

[16] عبدالرحمان بەگی ساحیبقران (سالم): دیوانی سالم، هەولێر، ١٩٧١، ل٣١.

*نامەرد ئەوەندە موعتبەرن لەم زەمانەدا*
*مەرد ئیعتباری کەم بووە، مەردی خودا*
*خوصووص*– ل١٥٥

(مەرد)و (نامەرد) لە هاوکێشە کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو سیاسیەکاندا، بەرامبەر بە یەك دانراون. ڕۆڵی مەرد لە هاوکێشەکاندا کاڵ کراوەتەوەو کاریگەریی، لەچاو ئەوانەدا کە ئەو لەناو کاتیگۆریی (نامەرد)دا جێی کردوونەتەوە، بەتەواوی کز کراوە. شاعیر بە چاویلکەیەکی ڕەش دەڕوانێتە کۆمەڵی شارو پێی وایە ئەو کۆمەڵە بەرەو هەرەسو لەگرێژەنەچوونو بەتاڵبوونەوە لە ڕەوشتو ئەخلاقو کەرامەتو بەها مرۆییەکان دەڕوا!

## هەڵکەوتی کەسایەتیی شاعیر:

دوو کاتیگۆریی سەرەکیو بنەڕەتیمان لەنێو شاعیرە مەزنو ناودارەکانی سنووری دانەڕێژراوی قەڵەمڕەوی باباندا، لەڕووی هەڵکەوتی کەسایەتیو بنەمای کارێکتەرو جێوڕێو پلەوپایەی ڕەسمیو ناڕەسمییان لەناو تانوپۆی کۆمەڵایەتیدا، بەرچاو دەکەوێ:

١. ئەو شاعیرانەی کە پێوەندیو ڕایەڵی توندوتۆڵو چڕوپڕیان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیو دەوروبەردا هەبوە. ئەمانە ڕووی دەمیان لە کۆمەڵانی خەڵكو کۆڕو کۆمەڵەو لەوە ناچێ بۆ خۆیان گریابنو فرمێسکیان بەسەر کەلاوەی کارەساتەکانی خۆیاندا هەڵوەراندبێ. ئەم جۆرە شاعیرانە ڕەچاوی بازنەکانی کۆمەڵیان کردووەو ویستوویانە کۆمەڵ لە ناخی ناخەوە بە گوتاری ئاگرینو سەرسووڕهێنو پڕ لە سیحر بهەژێننو سەرنجی کۆمەڵانی خەڵك بۆ لای دیسکۆرسی سیاسیو کۆمەڵایەتیی خۆیان ڕابکێشن، نەك سۆزی خوێنەران بۆ لای کێشەیەکی دەروونی یان شەخسی ڕابکێشن.

بێگومان لە زانستی دەروونناسیدا بۆ وەسفی کارێکتەری شاعیرێك، یا کەسایەتییەك، چەمك دانراوەو پێناسەی ورد بۆ ئەم جۆرە کەسایەتیە هەیە. چەمکی (ئێکستڕۆڤێرزیۆن– Extroversion)[17] لە وشەیەکی لاتینییەوە وەرگیراوەو مانای ئەمەیە: ڕوو بەرەو دیوی دەرەوە وەرسووڕاندن. کەسێك، کە چەقی بایەخپێدانی خۆی بۆ ناوەوەی خۆی نەبێ، بەڵکوو بۆ دەرەوەی بازنەی (خۆی) بێ.

هەر کەسێك سادەترین شارەزاییی لە ئەدەبی کوردیی سەدەی (١٩)دا هەبێ، دەتوانێ بەگوێرەی پێناسەی سەرەوە، بەبێ سێودوو، (حاجی قادری کۆییو شێخ ڕەزای تاڵەبانی) بە دوو دەرکەوتووترین نوێنەری ئەم کاتیگۆرییە دەستنیشان بکا. حاجی قادری کۆیی لە سەردەمی گەنجایەتیدا چەندین غەزەلی هۆنیوەتەوە، بەڵام لە قۆناخی ئەستەمووڵو ژیانی تاراوگەدا، لە جیهانی کاری سیاسییەوە، بێدەنگیی هەڵنەبژاردووەو شیعری نەکردووەتە ئامرازی ژیوارو نانپەیداکردنو ستایشی دەسەڵاتداران. ئەو لە تاراوگەوە، خۆی وەك دامەزراوەیەکی سیاسی وێنا کردووە، شیعریش لای ئەو بووەتە میدیاو میدیۆمی گوتاری سیاسی، بە مەبەستی گۆڕینی کۆمەڵو پێکهێنانی کۆمەڵێکی نوێ: هاندان بۆ یەکگرتنەوەی هەموو چینو توێژەکان، ڕاپەڕینو دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شاعیرێك نەبوە لە پەناو پەسێردا شیعری پڕ لە خەمو خەفەتو بێدەسەڵاتی بنووسێ، شیرێکی دوودەمی بەدەستەوە بووە، کەس نەیوێراوە سەیری نەوچەوانی بکا. ئەو، بە تەنیا دەزگایەکی ڕاگەیاندنو پرۆپاگەندە بووە، هیچ هێزێك نەیتوانیوە خۆ لە قەرەی ئەو بدا. ئێزگەو کەناڵی ئاسمانیو ڕۆژنامەکانی دژی ئەو کەسە خستووەتە گەڕو پەلوپۆی شکاندوون. ئەو، شاکارەکانی لە جەنگەی ململانێو زۆرانبازیدا وتووەو بە چرکەیەك ئەمپەڕو ئەوپەڕی کوردستانی تەنیوەتەوە.

پاش تێپەڕبوونی (١٠١) ساڵ بەسەر کۆچی دواییی شای داشۆڕیی کوردی، هیچ شاعیرێك

---

[17] Häcker، Hartmut: Dorsh Psychologisches Wörtebuch. 15 Auflge. Verlag Hans Huber. Bern 2009 S. 304.

ناتوانێ یەك لە سەدی ئەو بوێرو قسەسوارو قسەلەڕوو بێ. ئەو، هەرچیی لەدڵدا بووە، هەڵیڕشتووەتە سەر کاغەزو هیچ گوێی بە چەمکی (عەیبە)و (نابێ)و (ناشێ)و (ئەخلاق) و بە پلەی کۆمەڵایەتیو کاردانەوە نەداوە. خزمایەتیو پێوەندیی کۆمەڵایەتی لە سیستێمی (سانسۆری خۆیی)ی ئەودا سڕ کراون‌و بایەخیان بۆ دانەنراوە. کەسیش لە دەرەوەی شاعیر نەیتوانیوە قوفڵ لە دەمی مامە شێخ بدا، یا شیرە دوودەمیەکەی لەدەست دەر بهێنێ. شاعیرێکی ئەم سەردەمە ناوێرێ بە تەقەی تفەنگیش لە دیوارەکانی (تابوو)ی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی نزیك بکەوێتەوە، لەکاتێکدا شێخ بە ڕۆژی نیوەڕۆ کلاوێنی پێ کردوون.

٢. کاتیگۆریی دووەمی هەڵکەوتی کارێکتەری شاعیرانی سەدەی (١٩)یەم، پێچەوانەی کاتیگۆریی یەکەمە. ئەم شاعیرانە، هەروەکوو لە بەرهەمەکانیاندا دەر دەکەوێ، پردو پێوەندیو ڕایەڵیان لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیدا ئاڵۆزو جەنجاڵو پڕکێشەو سەرئێشە بووە! بۆیە دوورەپەرێزیو گۆشەو کەناریان هەڵبژاردووە. ئەمانە ڕووی دەمیان لە ویژدانی کۆمەڵ بووەو گۆڕانکاریی ڕووداوە گرنگو مرۆهەژێنەکان کەمترین ڕەنگدانەوەو کاریگەریی لەسەر ئەوان هەبوە. ئەوان، هەرچی وزەو تین‌وتوانی دەروونیی خۆیان هەبوە، توانیویانە تەنیا ئاڕاستەی ناخی دەروونی خۆیانی بکەن.

خاڵی گرنگی ناسین‌و ناسینەوەی کۆڵەکەی هەڵکەوتی ئەم کەسایەتیانە ئەوەیە: ئەمانە تەنیا کێشە دەروونیەکانی خۆیان لەلا گرنگەو هیچی تر. هەرچی کێشەی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ڕووداوی گەورە هەیە، لای ئەوان ناتوانێ بەهایەکی ئەوتۆی هەبێ. (ئیگۆ-Ego)ی ئەم جۆرە کەسایەتیانە، هەر خۆی زۆر بە مەزن‌و بێهاوتا دێتە پێش چاو، پێی وایە ئەو سەرووی کۆمەڵەو لە هەر بوارێکدا بێ ئەو شۆڕەسوار و یەکەمین کەسە باسی فلانە بابەتی کردووەو پێش ئەو کەس ئەقڵی پێی نەشکاوە، بەڵام بەخت یاری نەبوە، مافە ڕەواکانی لەلایەن خەڵکی نزم‌و بێکەڵکەوە پێشێل کراوە.

لە زانستی دەروونناسیدا، ئەم جۆرە کەسایەتیە پێیان دەگوترێ: (ئینترۆڤێرزیۆن– Introversion) واتە چڕکردنەوەی بیرکردنەوەو بایەخدان تەنیا بە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ و دوورخستنەوەی گۆشەنیگای ئەو کەسە لە جیهانی دەوروبەر. لەناو شاعیرانی سەدەی (١٩)یەمدا، دوانیان بە زەقی هەڵ‌وەرجی دەروونیو لایەنی کەسایەتیی داخراو بۆ دیوی دەرەوە لە بەرهەمەکانیاندا ڕەچاو دەکرێ: (کوردیو مەحوی) هاوتەریبی یەکن. بەڵام هەریەکەیان ئاڕاستەیەکی هەیە؛ یەکەم خۆشەویستی لە دنیای دەرەوەی دادەبڕێو پێوەندییەکی تەواوی بە جیهانی دەوروبەرو کۆمەڵەوە نامێنێ. مەحوی پەنجەرەو دەرگاکانی بە ڕووی کۆمەڵی شاردا داخستووە، بۆ ناو قووڵاییی ناخی خۆی شۆڕ بووەتەوەو نایەوێ کەس ببینێ. پێویستە لێکۆڵەرەوەو توێژەرەوەکانی ئەمڕۆ بە وردی سەرنجی ڕستەیەك بدەن لە نووسینەکەی عەلی کەمال باپیردا کە ئێمە بەبێ دەستکاری دەیخەینە بەرچاو: ((عالمێکی بێهەمتا شاعیرێکی موستەثنا لە تەعبیری خەودا شارەزا بوو)).[18] هەموو شاعیرێك بەهرەی بایەخدان بە خەونی لەلا زاخاو نادرێتەوە. جیهانی (خەون) لای فرۆیدیش پێوەندیی بە (بن‌هۆش)ەوە هەیە. دیارە ئازارەکانی شاعیر ئەوەندە زۆر بوون، بەشێك لە شەپۆلی خەم‌و ئاڵۆزیەکان بۆ جیهانی خەون گوێزراوەتەوە. بایەخدانی شاعیر بە لێکدانەوەی خەون، وەرسووڕانی شاعیرە بۆ دیوی ناوەوە، نەك دەرەوەی (خۆ). (خەون) لە جیهانی تاکەکاندا ڕوو دەداو پانتاییی بەکۆمەڵی نییە، هەر لە تیشکدانەوەدا نەبێ بۆ جیهانی تاك.

---

[18] علی کمال باپیر ئاغا، س. پ، سلێمانی، ١٩٣٩، ل٣٦.

### داخران بە ڕووی پرۆسەی وێستەرنیزێشندا

حاجی قادری کۆیی، لە قۆناخی تاراوگەدا، هەر زۆر لەبن کاریگەریی پرۆسەی ڕۆژاواخوازیدا (وێستەرنیزێشن– Westernisation) بووە. ئەو هەرچەند لە فێرگەیەکی ئاینیو بە زانیاریی دینیی حوجرەی مزگەوتەکان پەروەردە کراوە، بە تەمەنی چل ساڵی ناچار کراوە ڕوو بکاتە شاری ئەستەمووڵ. جێگۆڕکێی شاعیر لە کۆیەوە بۆ ئەستەمووڵ، تەنیا جێگۆڕکێی شوێن نەبوە. قەڵەمبازێکی نێوان دوو کاتو دوو سەردەم بووە. حاجی بۆ خۆی لەڕووی دەروونییەوە ئامادەییی تەواوی هەبوە ئامێز بۆ شنەبای ڕیفۆرمو ناسیۆنالیزمو مۆدێرنیزم بکاتەوە. لەم لایەنەوە شاعیر هەستی بە ((نامۆییی کولتووری)) نەکردووەو تووشی ڕاچڵەکاندن (شۆك ـ Shock)ی ژیاری نەبوە.

ڕاستە ئەو بەرامبەر بە دەسەڵاتی عوسمانی هەست دەکا خەرەندێك جیاوازی لەنێوان خۆیو دەسەڵاتدا هەیەو خۆی بە (نامۆ) دەزانێو تووشی شۆکی کولتووری دەبێ، بەڵام لەوێندەر بیروباوەڕی نەتەوەیی دەدۆزێتەوەو دەزانێ وڵاتی کوردان داگیر کراوە. ئەو، داوا لە گەلی کورد دەکا سوود لە ئەزموونی وڵاتانی ئۆروپا وەر بگرێو دەرگاکان بە ڕووی پرۆسەی وێستەرنیزێشندا دانەخرێن.

"مەحوی" تا ڕادەیەك ئاگای لە هەندێ لایەنی مێژووی ئەوسای ئۆروپا هەبوە. ئەو، لەڕێی خانەقاوە بێ، یا ڕۆژنامەکانی ئێران، کە ئەوسا کەموزۆر بەربڵاو بوونو دەگەیشتنە دوورترین کونو قوژبنی ئەم وڵاتە، بەشێك لە دەنگوباسەکانی ئەو سەردەمەی بەرگوێ کەوتووە. بیستنو خوێندنەوەو ئاگاداربوون شتێکەو پەندوەرگرتنو سوودهەڵهێنجان شتێکی تر. مەحوی، لەپشت دەرگایەکی ئاسنینی ئەستووری داخراوەوە، لە درزێکی زۆر بچووکەوە، تەنیا لایەنێکی ڕووداوەکانی بینیوە، ئەوەش بینینێکە لەپشت چاویلکەیەکی ڕەشو تاریكو نیگەتیڤەوە بووە. ئەو، نەیویستووە ڕووداوەکان لە ئاوێنەی مێژوودا ببینێو بۆ مەبەستێکی سیاسی سوودیان لێ وەربگرێ. بینینەکەی ئەو، لە گۆشەنیگایەکی نیگەتیڤەوەو بە مەبەستی خزمەتکردنی جیهانبینیو تێگەیشتنی ئەو بووە بۆ جیهان.

ئ: مێجەر سۆن، لە سەفەرە نهێنییە ئەفسوناویەکەیدا بۆ کوردستان ساڵی ١٩٠٩، لە شاری هەڵەبجە سەری لە تایەر بەگی جاف داوە. بەگوێرەی قسەی سۆن، تایەر بەگ زانیاریی لەسەر کێشەی (باڵکان)و دوورگەی (کرێتا) یەکجار زۆر بووە. سۆن ددان بەوەدا دەنێ کە زانیاریی تایەر بەگ لەسەر ئەو وڵاتانەی ئۆروپا هەر زۆر لە هیی ئەو زیاتر بووە. تایەر بەگ وەك زۆربەی کوردان – بەگوێرەی قسەی سۆن–بە جۆشوخرۆشەوە پشتیوانیی لە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم کردووە، نەك لە کۆماریەکانو پەرلەمانو سەرانی (ئیتیحادو تەرەقی)، هەرچەند ئەوکاتە –پایزی ١٩٠٩– سوڵتان ناچار کراوە دەست لە دەسەڵات بکێشێتەوەو ڕەوانەی تاراوگە کراوە.[19]

من ناڵێم جیهانبینیی تایەر بەگی جافو مەحوی وەکوویەك وابووە، لەبەر ئەوەی هەردوکیان لە دوو کاتی جیاوازداو لە دوو بۆنەی جیاوازدا پشتگیریی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمیان کردووە: ساڵی (١٨٩٦– ١٨٩٧) یۆنانیەکانی دوورگەی (کرێتا) ڕاپەڕینێکی گەورە دەکەن. سوپای عوسمانی هێرشێکی بەرفراوان دەکاتە سەر دانیشتوانی دوورگەکە، کە دەیانەوێ خۆیان لەبن دەستی دەسەڵاتی عوسمانی ڕزگار بکەن، تاوانێکی کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە کرێتیەکان دەکرێو هەواڵەکە بە جیهاندا بڵاو دەبێتەوە. بەشێك لە دەوڵەتانی ئۆروپایی پشتگیریی یۆنان دەکەن. سوپای یۆنان داکۆکی لە کرێتا دەکا، سوپای یۆنانیش خراپ دەشکێنرێ. دیارە پرۆپاگەندەی دەوڵەتی عوسمانی هەر زۆر بەهێز بووەو سۆزو عاتیفەی ئاینی خەڵکی بزواندووەو توانیویە

19 Soane. Eily Banister: To MESOPOTAMIA AND KURDISTAN IN DISGUISE. ELLBRON CLASSICS. LONDOON(١٩١٢)N. P. 2005 P. 230.

ڕاستیەکان ئاوەژوو بکاتەوەو ڕای گشتیی ئیسلامی چەواشە بکا، گوایە داکۆکی لە ئاڵای ئیسلام کراوە.

بە هەموو پێوەرێکی ئەقڵخوازیو لۆجیك، دەبوو مەحویی شاعیر، لایەنگیریی خەباتی گەلێکی ژێردەستەو زوڵملێکراوی بکردایە، کە ڕاپەڕینی دژی چەوسانەوە ڕاگەیاندووەو ویستوویەتی خۆی ڕزگار بکا، نەك بکەوێتە ستایشی سوڵتانی عوسمانی، لەبەر ئەوەی سوپای عوسمانی سەرکەوتنی لە شەڕەکاندا بەسەر سوپای یۆناندا وەدەست هێناوە! دەستپێکی داشۆریی یۆنانیەکان بەم شێوەیە نووسراوە:

*شەخصێکی صاحێب ئەحوال پرسیی: کە ئەی فەلاطوون!*
*یۆنانییانی قەومت بۆچی بە دەردی سەگ چوون؟*

مەحوی زانیویەتی: یۆنانیەکان قەومو نەتەوەیەکی جیاوازنو پلاتۆ "ئیفلاتۆن" یۆنانییەو فەیلەسووفێکی گەورەی ئەو قەومەیە! شاعیری گەورەی کورد، بەوپەڕی ڕقو هەڵچوونو تووڕەییەوە دابەزیوەتە سەر یۆنانییە تێشکێنراوەکان، دزێوترین وشەی لە فەرهەنگی داشۆریو هیجا قەرز کردووەو بە چڕی داباراندووەتە سەر (پلاتۆ)و گەلی یۆنان، بە شێوەیەك بۆنی گیانی ڕەگەزپەرستیی لێوە دێت:

*خورشیدە موعجیزەی شەرع، ظوڵماتە سەفسەطەی پووچ*
*ئیسلامییان هەموو دین، یۆنانییان هەموو دوون*
*فەتحو ظەفەر بە ناوی کێ بێ؟ خەلیفەی ئیسلام*
*"عەبدولحەمید"ی غازی، سوڵطانی ڕوبعی مەسکوون–ل٢٤٧*

ئەم پارچە شیعرەی سەرەوە، سێبەرێکی چڕی گومانو دڕۆدۆنگی دەخاتە سەر مەسەلەی سۆفیگەرێتیی شاعیرو ئەو هەواڵەی کە دەڵێ: مەحوی خۆیو باوکی خەلیفەی شێخ عوسمانی تەوێڵە بوون. سۆفیەکان –بە شێوەیەکی گشتی– خۆیان لە خڵتەو قوڕاوی دەمارگیری (تعصب)ی ئاینیو مەزهەبی ڕزگار کردووە. ئێمە هەروەك نموونە: شیعرەکانی مەولەویو هەندێ بڕگەی نامەکانی دەهێنینەوە؛ ئەو، لە نامەیەکدا بۆ حاجی مەحموودی یاروەیسی دەنووسێ: ((چە گونە حتی خودم از گبر و یهود بهتر نمیدانم ...))[20] [(19)] واتە: مەولەوی خۆی لە مەسیحیو جوو بە باشتر دانەناوەو بەرامبەر کولتووری (یارسان) ئەوپەڕی سنگفراوانیو گیانی لێبوردنی نواندووە.

سەیر ئەوەیە مەحوی لە هەمان قەسیدەدا بەرامبەر بە ئیفلاتوون دەنووسێ:

*پێی وت بە صەد تەئەددوب، ئوستادی بێتەعەصصوب!– ل٢٤٨*

ئەو (پلاتۆ) بە مامۆستایەك دادەنێ هیچ دەمارگیری (تەعصصوب)ی تێدا بەدی نەکردووە، کەواتە یەکێك خۆی پێناسەی دەمارگیریی کوێرانە بزانێ، چۆن خۆی بە گیانی دەمارگیریی کوێرانەوە لەسەر گەلانی تر دەنووسێ؟

ئێمە دوو هەڵوێستی ناکۆكو بە ڕواڵەت دژبەیەك لە سۆفیگەریی "مەحوی"و ستایشکردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمو دەوڵەتی عوسمانیدا دەبینین. ئەو هەروەك چۆن لە زۆر بۆنەی سیاسیدا بێدەنگ بووە، دەیتوانی بە هەمان شێوە بەرامبەر بە تێشکاندنی سوپای یۆنانیش بێدەنگی هەڵبژێرێ!

من ئەم نزیکایەتیو ستایشی سەرکەوتنی سوپای عوسمانییە، بە هەلپەرستیو دەسەڵاتخوازیو سوڵتانپەرستی تێناگەم! لێکدانەوەی من بۆ لایەنگریی شاعیر لە سوڵتان، پێوەندیی بە گوشاری هێزەکانی ناو وڵاتەوە هەیە بۆ سەر شاعیر، کە جارێك بۆ بەغدا دوور خراوەتەوە، جارێك مووچەکەی بڕاوە، چەند جارێکیش هەوڵی کوشتنی دراوە؛ جارێك شێخ

---

20 مەلا عبدالکریمی مدرس، یادی مەردان، ب٢، بەغدا، ١٩٨٣، ل٤٦٣.

خالیدی مەحوی – بچووکترین کوڕی– (١٨٧٦–١٩٦١) بە سەختی بریندار بووە، کاتێك کوڕو باوك بەر گوللە دراون. لەم هەلومەرجەدا، شاعیرێك ناتوانێ هاوکات لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانیو هێزەکانی ناوخۆدا دەوری ئۆپۆزسیۆن بگێڕێ، بۆیە ویستوویەتی چەتری پارێزگاری بۆ خۆی بدۆزێتەوە، نەك شەڕێکی دۆڕاو لەگەڵ چەند هێزێکی زەبەلاحدا بکا! شیعرەکەی "مەحوی" بە کوردی نووسراوە، نەك بە عوسمانی یا فارسی، عەرەبی، کە ڕەنگە سوڵتانی عوسمانی زانیبێتی یا ئاشنایەتیی لەگەڵدا هەبووبێ. دەقی کوردی بە ڕواڵەت ئاڕاستەی سوڵتان کراوە، بەڵام –ئەوی ڕاستی بێ– سوڵتان کوردیی نەزانیوەو بڕوا ناکەم ڕاستەوخۆ وەرگێڕی کوردی– عوسمانی هەبووبێو یەکسەر دەقە کوردیەکەیان بۆ وەرگێڕابێ. ئەم قەسیدەیە بۆ هێزە کوردییە دژە "مەحوی"یەکان نووسراوە، کە هەمیشە لە بۆسەدا بوون بۆ ئەوەی چاڵێکی بۆ هەڵکەننو ملی بە شکاندن بدەن.

مەحوی بۆ ئەوەی لەپشتەوە خەنجەری لێ نەدرێ، ئەم قەسیدەیەی دژی یۆنانەکان نووسیوە، نەك لەبەر ئەوەی لەناخەوە دژی یۆنانەکان بووەو ڕقی لێیان بووە. هەر بۆ ئەوەی خۆڵ بکاتە چاوی دژەکانی ناو وڵات، ئەمیش وەك زۆربەی (ئەشراف)ی شار کە (برووسکەی پیرۆزبایی)یان بۆ دەرباری سوڵتانی عوسمانی ناردووە، ئەم نەیتوانیوە بەتەنیا دەوری ئۆپۆزسیۆن بگێڕێ!

ب: ساڵانی (١٩٠٤–١٩٠٥) جەنگێك لەنێوان ژاپۆن، دەوڵەتێکی بەهێزی ئاسیای بچووكو ڕووسیای قەیسەری، دەوڵەتێکی زۆر گەورەی لاوازدا، ڕووی دا.

سەرەتا سوپای ڕووسیاو کەشتییە جەنگییەکانی بەندەری (پۆرت ئارتەر Port Arther)یان لە ناوچەی مەنشووریا داگیر کرد. ژاپۆن داگیرکردنی ئەم بەندەرەی بە دەستدرێژیکردنە سەر سەروەریی خۆی دانا. ویستی بە گوشاری سیاسی، سوپای ڕووس ناچاری پاشەکشە بکا. چارەسەری دیپلۆماسیو سیاسی بە بنبەست گەیشت. سوپای ژاپۆنی سەرکەوتنێکی بێوێنەی لە شەڕەکاندا بەسەر سوپای ڕووسدا وەدەست هێنا. ئەم شەڕە لە سەرانسەری جیهاندا دەنگی دایەوە، چونکە بە پێوەری ئەو سەردەمە زۆر مەزن بوو، دەوڵەتێکی وەك ڕووسیا، کە تا ئەوکاتە بە هێزێکی گەورەی جیهانی دادەنرا، شەڕێکی دۆڕاندو هیچ پاساوێکیشی نەبوو!

لە (دیوانی مەحوی)دا دوو جار ئاماژە بۆ ئەم شەڕە ئیمپریالییە کراوە، کە دوورو نزیك پێوەندیی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندەکانی شاعیرەوە نەبوە!

*هوجوومی (هیندو)وی خەط سەر (فەرەنگستان)ی ڕوخساری*
*بە حەشرێ بوو، وەکوو ئەو حەشرە (میقادۆ) بە (چار)ی کرد– ل١٠٨*

بەشی یەکەمی بەیتەکە، ئیشارەتە بۆ ڕاپەڕینێکی گەورەی گەلانی هیندستان، دژی بریتانیای داگیرکەر. دیارە ڕاپەڕینەکە زۆر بەرفراوانو بەهێز بووە، بۆیە مەحوی لە نیوە بەیتی یەکەمدا لەبەر چاوی گرتووە. من لەم هەڵوێستەی شاعیر بەرامبەر بە گەلانی هیندستان دەتوانم تێبگەم! ئەو، تا ڕادەیەك دڵبەندیی خۆی بەرامبەر بەوان دەر بڕیوە. گەلانی ژێردەستەی هیندستان دژی بریتانیای داگیرکەر ڕاپەڕیونو (حەشر)یان بە "فەرەنگستان" کردووە. بەڵام هەڵوێستی ئەو لە کێشەی ڕاپەڕینی دانیشتوانی (کرێتا)دا جێی سەرسوڕمانو پرسیارە!

بەشی دووەمی بەیتەکە، ئاماژەیە بۆ ڕووداوێکی گرنگی مێژووی مرۆڤایەتی، پێش یەکەم جەنگی جیهانی، ئەویش هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان ژاپۆنو ڕووسیایە. هەڵەیەك کەوتووەتە نێو دیوانەکە، تاوانی شاعیری تێدا نەبوە. ئاژانسەکانی ڕاگەیاندنی ئەو سەردەمە، ناوی موتسووهیتۆ (Mutsuhito)یان بە هەڵە کردووەتە "میقادۆ"، کوردیش ناوەکەی وەك ناوی

ڕاستی وەر گرتووە. موتسووهیتۆ (١٨٥٢-١٩١٢) ئیمپراتۆری ژاپۆن بووە، لەبەر ئەوەی ئەو ناوە لەسەر زمان برێك گران بووە، کراوەتە "میقادۆ"! "چار" وشەیەکە واتای: قەیسەر دەگەیێنێ. من پێم وایە چار لە (تسار- Zar)ەوە وەر گیراوە. شیعرەکەی مەحوی بەم شێوە دەست پێ‌دەکا:

*ئەی ئەو کەسە کە مەستی غوروری بە هاتی کار!*
*بەو دەستی زۆرە بدڕە پەڕۆیەك لە کاری "چار"*
*هەرچەند خەرتەلی، لەپڕێ چەرخی پەنجەباز*
*دەتکا بە بازی پەنجەیی "میقادۆ"یی شکار- ل٢١٢*

تا دەگاتە:

*پەس (ئۆروپالی)! بەس بگەزن لێو، ئەمە چییە*
*ژاپۆنییەك موحاصەرە دا دەورەیی چار- ل١٢٢*

واتە: ئۆروپاییەکان ئێستا هەر هەموو بەجارێ تووشی ڕامانو سەرسامیو سەرلێشێوان هاتوون: چۆن ژاپۆن توانیی گەمارۆی ڕووسیا بداو لەڕووی سەربازییەوە بیشکێنێ؟!

بێگومان بیری شاعیری کورد، ئەو چرکەیە کە ئەم قەسیدەیەی نووسیوە، لای ئەوە نەبوە کە شیکاری ئابووریو سیاسیو تەکنیکیو عەسکەری بۆ هەڵسانەوەی ژاپۆن وەك هێزێکی نوێی جیهانی بکا. بە هەمان شێوە، بیری لەوەش نەکردووەتەوە بۆچی ڕووسیای قەیسەری نەیتوانی وەك زلهێزێکی جیهانی بەرگەی پەلاماری دەوڵەتێکی بچووك بگرێ؟ ئەم سەرباسو بنباسە لای شاعیری کورد گرنگ نەبوون، ئەو مەبەستی خۆی هەبوە بۆ لێدوان لەسەر ئەم بابەتە:

*لەم کاروباری چارە یەکێ چارە گرژ ئەکا*
*وا تێ گەیشتووە کە هەر ئەسبابە دێ بەکار- ل١٢٣*

ئەو، بە ڕاشکاوی (هۆکار)و (هۆ)ی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو سەربازی بە بزوێنەرو بڕیاردەری ڕووداوەکان دانانێ، وەکو یەکێك لە (قەدەریەکان)[21] سەرجەمی کردەوەکانی مرۆڤ، کە لەسەر زەوی ڕوو دەدەن، بە بڕیاری پێشەکی دراوی ئاسمانی تێ‌دەگا، کە مرۆڤ هیچ کارو بڕیارێکی بەدەست خۆی نییە، بڕیارەکان پێشتر دراونو هەر لە (ئەزەل)ەوە هەمموو بڕیاری لێ دراوەو مرۆڤ لە بڕیارو کردەوەکانیدا (ئازاد)و (سەربەست) نییە: هیچ بوارێك بۆ هەڵبژاردنی ئەو بەجێ نەهێلراوە!

جەبرییەکان پێیان وایە: ئەم (بۆچوون)و (لێکدانەوە)یە ڕێك پێچەوانەی هەندێك لە ئایەتەکانی قورئانە، کە مرۆڤ ئەقڵو هۆشی دراوەتێ ((دەبێ چاکە بکاو خراپە نەکا))! ئەگەر بە قسەی (قەدەریەکان) بێ، نابێ مرۆڤ بڕیاری چارەنووسسازو بڕیارە ئاساییەکانی بەدەست خۆی بن. ئەگەر بەدەست خۆی نەبوون، نابێ لەو دنیا سزا بدرێ!

## ئەنجامگیری:

بنەمای ئەم لێکۆڵینەوەیە، بە شێوەیەکی سەرەکی پشتی بە سێ کۆڵەکە بەستووە:

ئ. خوێندنەوەیەکی بەردەوامی "دیوانی مەحوی"و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی سروشتی کەسایەتیی شاعیردا، لەبەر ڕووناکیی شیکاری دەروونیو ڕەچاوکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیو سیاسیدا، کە ئەو تێیدا ژیاوەو بەرهەمەکانی بەرهەمی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆی ئەو ژینگەیەن.

ب. ئێمە جگە لە"دیوانی مەحوی" هەندێ دەنگوباسو زانیاریمان لەسەر شاعیر

[21] دەربارەی "قەدەری"و "جەبری"، پێویستە تێبینیی ئەوە بکرێ کە زۆربەی شاعیرو سۆفییە کوردەکان باوەڕیان بە (قەدەری) هەبوە. (خانای قوبادی، مەولانا خالید، نالی، مەحوی، ...) بە ڕوونی لایەنگری ئەم ڕەوتە بوونو هەریەکە بە شێوەیەك بیروڕای خۆی دەربڕیوە. ئەمە بابەتێکی تایبەتە لە تێگەیشتنی ئەوان بۆ بەرپرسیارێتیی مرۆڤ و بێ‌دەسەڵاتیی ئەو بەرامبەر بە بڕیاری یەزدان. بەداخەوە هیچ نووسەرێکی کورد، بایەخی بە ئەم بابەتە نەداوەو هیچی لەسەر نەنووسراوە.

پێگەیشتووە. ئەو زانیاریو دەنگوباسانە، بەشێکیان ڕاستنو هیچ گومانێکیان لەسەر نییە، بەڵام لەوانەیە مێژووی ڕووداوەکان لە جێی خۆیدا نەبێ. بۆیە پێویستە بەگوێرەی ڕێبازی "دیکارت" سێبەری گومان بخەینە سەر هەر هەموو ئەو زانیاریو دەنگوباسانەی وا پێمان گەیشتوون: تەنیا بەم شێوەیە دەگەینە قۆناخی دڵنیایی.

هەوڵدان بۆ پەیداکردنی ژێدەرو سەرچاوەی ڕەسەنو نوێ لەسەر ژیانو سەردەمی شاعیر، کە بەهۆیانەوە بتوانرێ تێگەیشتنی شیعرە بڵاوکراوەکانی ئاسانتر ببێتەوە.

پ. کاتێك شاعیر، پشت لە کۆمەڵو سیاسەتو ڕوو لە خۆی دەکاو بۆ ناو قووڵاییی دەروون شۆڕ دەبێتەوە، ئەم شێوەیە لە هەڵسوکەوتو ڕەفتار، پێوەندیی بە بڕیاری شاعیرەوە نییەو کەسێك خاوەنی ئەم سیفەتە بێ، ناتوانێ خۆی بگۆڕێو بچێتە پێستی خەڵکی ترەوە. دەروونناسانی ئەم سەردەمە، پێیان وایە: منداڵ، هەر بە منداڵی، یا ڕووخۆشو گەشو دەمبەپێکەنینو کراوە دەبێ، یا مۆنو گرژو داخراو.

شاعیر لەبەر ئەوەی کوڕی یەکێك لە شێخە مەزنەکانی ڕێبازی نەقشبەندی بووە، هەر لە منداڵییەوە، لەسەر خۆجیاکردنەوە، خۆڕاگری، گیانی بەرەنگاریو ڕووبەڕوونەوەو ناسنامەی ڕێبازی دینی، نەك گیانی سەوداو سەوداکاری لەگەڵ لایەنەکانی تردا، پەروەردە کراوە. شاعیر درێژەی بە ڕێی باوکی داوەو نەیتوانیوە لەو ڕێیە لا بدا.

نووسین لەسەر "مەحوی" لە دەرەوەی بازنەی لێکدانەوەی کلاسیکیی شیعرەکانی، بەبێ شیکاری دەروونیی بەرهەمەکانی، لەکاتێکدا ئاماژەی گرنگ لەپشت دیواری ئەستووری ڕەوانبێژییەوە بەدی دەکرێ، هەروا ئاسان نییە. شارەزای ئەم بوارە دەتوانێ کۆدەکان بە ئاسانی بدۆزێتەوەو دەرگا داخراوەکان بکاتەوە. من بە پێویستی دەزانم سەرلەنوێ کێومالێکی وردی شوێنەواری "مەحوی" بکرێو هەرچی سەربردەو بەسەرهاتو بەڵگەنامە هەیە، بڵاو بکرێتەوەو لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە تیشکیان بخرێتە سەر.